لە ڕۆژئاوای شاری لەندەنی بریتانیا بە چەقە هەڕشکرایە سەر کچێک و گیانی لەدەستدا

کچێک بە لەدانی چەقە کوژرا لەکاتی سواری پاسێکی قوتابخانە لە شارچکەی کرویدۆن لە ڕۆژئاوای شاری لەندەن لە وڵاتی بریتانیا.

بەیانی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو پۆلیس و فریاکەوتنی خێرا گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و لەو کچێکی تەمەن 15 ساڵیان دەزییەوە کە چەند برینێکی هەبووە بەهۆی لەدانی چەقەوە و هەوڵەکان بە ڕزگارکردنی سەرکەوتوو نەبوون و بەهۆی سەختی برینەکانیەوە گیانی لەدەستدا، ئەمەش بەپێی میدیاکانی بریتانیا.

پۆلیسی میترۆپۆلیتان دەڵێت، کە ئەو کوڵەی تاوانەکەی ئێنجامداوە دەستگیرکراوە دوای ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ پۆلیسی هاتوچۆ و گواستنەوە کراوەو کاتژمێرێک دوای ڕووداوەکە دەزراوەتەوە.

ئاندی بریتن، گەورە بەرپرسی پۆلیسی لەندەن پشتڕاستی کردەوە کە لەکەینەوە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پێیوەندییەکی پێشوو هەیە لەنێوان تەمەتبارەکە و قوربانییەکە و جەختی لەوە کردەوە، کە پۆلیس پێیوەندی لەگەڵ خێزانەکەی کچەکەدا هەیە بە ئەوەی پشتگیرییان بکات لەم ماوە سەختەدا کە تێیدا تەدەپەن، وتیشی: پۆلیس بەردەوام دەبێت لە ئاشکراکردنی پێشکەوتنەکان لە کەیسەکەدا بە دەنیاکردنەوەی دانیشتوانی ناوچەکە کە نیگەرانی خێیان دەربڕیوە دوای ڕووداوەکە.